www.kurdistannet.org

1-10-2006 6:23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەزیری دارایی کوردستان بەدەستووری کوردستان قایل نییەو داوای ئۆتۆنۆمی بۆ ئاشوورییەکانی کوردستان دەکات ... سیروان کوردستانی



وەزیری دارایی کوردستان سەرکیس ئاغاجان لە لێدونێکیدا بۆ سایتی عەنکاوە لەبارەی دەستووری کوردستانەوە گوتی (پرۆژەی دەستووری کوردستان کەموکورتی زۆری تێدایە لەپەیوەند بە مافە نەتەوەییەکانمان، گرنگ ئەوەیە کە دەبی ئەو کەموکورتیانە چارەسەر بکرێن) لە درێژەی لێدوانەکەیدا ئاغاجان گوتی (پرۆژەی دەستووری هەرێم مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلەکەمان دەستەبەر نەکردووە لەناوچە مێژووییەکانی لە دەشتی نەینەوا) هەروەها نارازیبوونی خۆشی بەرامبەر ئاماژەدان بە کلدان وئاشوورییەکان وەك دوو گەلی جیاواز لە پرۆژەی دەستووردا نیشاندا.

جێگەی سەرنجە سەرکیس ئاغاجان کە کادیرێکی پارتییەو کاتی خۆی لە نووسینگەی ئیدریس بارزانی ونێچیرڤان بارزانی کاری کردووە ئەمە یەکەمجارە خۆی وەکو سیاسەتوانێکی نەتەوەیی ئاشووری نیشانبدات وداوای سیاسی بۆ ئاشوورییەکان لە دەسەڵاتی کوردستان بکات. چاودێران پێیانوایە داوا کردنی ئۆتۆنۆمی لەلایەن ئاشوورییەکان یان تورکمان داواکارییەکی گونجاو نییە چونکە هەردوولایان هیچ خاکێکی درێژکراوەی بەسەریەکەوەیان نییە وئەو شاروشارۆچکانەی لێی دەژین لەیەکەوە دوورن.

شایانی باسە بەشێکی زۆر لەئاشوورییەکانی کوردستان بەتایبەتیش ئەوانەی دیانا وعەنکاوەو دهۆك وموسڵ کوردستان یا وەکو خۆیان دەڵێن (باکووری عیراق) بە داگیرکراو دەزانن وپێیانوایە کورد لەوانی داگیر کردووە وکوردیش بە شۆڤێنی ونەتەوەپەرست لەقەڵەم دەدەن ولەمبارەیەوە نووسەرە ئاشوورییەکان بەتایبەتیش ئەوانەی دەرەوەی کوردستان بەردەوام شاڵاوی زۆر توند دەکەنە سەر کورد.

http://www. ankawa. com/forum/index. php/topic،58076. 0. html